# چەند ساتێك لەگەڵ.... دامەزرێنەری یەکەم تیپی شانۆ لە رانیەدا

سازدانی : کامەران



رابردووی شانۆ لە رانیەدا،مێژوویەکی چەندان دووری نیە هەرچەنە لە شەستەکانەوە تا ئەمڕۆ چەندان شانۆکاروئەکتەری شانۆیی بە توانا لەم شارەدا سەریان هەڵداوە،بەڵام بەهۆی باروزخی نەگونجاوو گرفتی ژیانی رۆژانەی کەسایەتیانەوە زۆربەیان دوورکەوتوونەتەوە.

ئەگەرچی شانۆکارانی رابردووی رانیە کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕی بواری هونەری شانۆ نەبوون،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ جێ پەنجەو کاریگەری ئەوان لەسەر رەوتی شانۆی دەڤەرەکە چ لە ئێستاو چ لە داهاتوودا لەبەرچاو نەگیرێت.

مامۆستا صادق معروف ناسراو بە صادق بێباك،یەکێکە لە شانۆکارە دێرینەکانی رانیە،(٤٤) ساڵ لەمەوبەر یەکەم تیپی شانۆی لەم شارەدا دامەزراندووەوهەر لەو ساڵەدا یەکەم بەرهەمی شانۆیی خۆی نمایش کردووە. ناوبراو ساڵی( ١٩٣٦ ) لە کۆیە لە دایکبووەو لە ساڵی( ١٩٤٨ ) ەوە لە رانیە نیشتەجێیە،خانەی مامۆستایانی لە بەعقوبە تەواوکردووەو ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی رانیە.

بە مەبەستی تیشك خستنەسەر مێژووی دروستبوونی ئەو تیپە لە دەرفەتێکدا سەردانمان کردو ئەم دیدارەمان لەگەڵدا سازکرد:

–چۆن بیرۆکەی دامەزراندنی تیپێکی شانۆت لەم شارەدا لەلا گەڵاڵە بوو؟

+لە راستیدا هەر لەسەرەتای تەمەنی لاویمەوە بیرم لە دامەزراندنی تیپێکی شانۆ لە رانیەدا دەکردەوە، ئەوەبوو لە هاوینی ١٩٥٩دا بە هاوکاری بەڕێزان(وەهاب محەمەد سەعید، جەمال رەشید ئەحمەد،مامۆستا شەفیق تاهیر، عومەر عەلی) تیپی شانۆی میللی رانیەمان دامەزراند،کە پێکهاتبوو لە(١٦) ئەندامو من بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرۆکی ئەو تیپە بووم.

–دوای دامەزراندنی ئەو تیپە،یەکەم چالاکی شانۆییتان کەی ، وە لەکوێ ئەنجامدا؟

+هەر هەمان ساڵ یەکەم شانۆگەریمان بە ناوی( لە پێناوی دڵداریدا) نمایش کرد کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆم بوو،هەر خۆشم ئەرکی ئارایشت کردنی ئەکتەرەکانم لە ئەستۆ گرتبوو، ئەو شانۆگەریە لە (١٢) پەردە پێکهاتبووو،(١٤) ئەکتەر بەشداریان تێدا کرد شوێنی نمایش کردنەکەش ، گۆڕەپانی پشت قوتابخانەی رانیەی سەرەتایی ئێستا بوو،چونکە ئەوسا هیچ هۆڵێکی شانۆ لە رانیەدا نەبوو.

–ئەو شانۆگەرییە گوزارشتی لەچی دەکرد و جەماوەر تا چەند پێشوازیان لێکردن؟

+شانۆگەرییەکە باسی لە دەرەنجامە خراپەکانی ژن بەژنەو گەورە بە بچووك دەکردکە لەو سەردەمەدازۆر باو بوون،بە راستی جەماوەر بە حەزو تامەزرۆییەکی زۆرەوە هاتبوون بۆ بینینی و بە گەرمی پێشوازیان لێکردین،لە ماوەیەکی کورتدا هەواڵی نمایش کردنی ئەو شانۆگەرییە بە ناوچەکانی کۆیەو قەڵادزێ وژاراوەو سەنگەسەردا بڵاوبووەوە.

–شانۆکارە ناسراوەکانی ئەوسای رانیە کێ بوون؟

+ئەو شانۆکارانەی بەلای بینەرانەوە زۆر جێگای پەسەندبوون بریتی بوون لە بەڕێزان (تۆفیق تاهیر، عومەر عەلی) کە ئێستا لە ژیاندا ماون.

–ئەوسا میری هیچ جۆرە هاوکاریەکی دەکردن؟

+نەخێر، میری نەزۆر نەکەم یارمەتی نەدەدداین، بگرە زۆر چاودێریشی دەخستە سەرمان و، هەندێ جار دەبووە لەمپەرێك لەبەردەم بەجێگەیاندنی کارەکانماندا.

–هیچ بیرەوەریەکی خۆشی ئەو سەردەمەت لە یادە بۆمان باس بکەیت؟

+بەڵێ، یەکێك لەو بیرەوەریە شیرینانەی کە هەرگیز لە یادم ناچێت ئەوەیە:

لەکاتی نمایش کردنی شانۆگەری( لە پێناوی دڵداریدا) یەکێك لە ئەکتەرەکان کە ناوی شەفیق تاهیر بوو، لەو شانۆگەریەدا رۆڵی پیاوێکی سمێڵ گەورەی دەبینی،من لە خوری سمێڵێکم بۆ دروستکردبوو، لە گەرمەی نمایش کردنی شانۆگەرییەکەدا بینیم ئەوا لایەکی سمێڵەکەی شۆڕبۆتەوەو خەریکە بەیەکجاری لێ دەبێتەوە. شەفیق وەها چووبووە ناو دەورەکەیەوە کە ئاگای لە سمێڵەکەی نەمابوو، منیش لە سووچێکەوە هەرچەندیئیشارەم بۆ دەکردتا سمێڵەکەی چاك بکاتەوە، بەڵام ئەو هەر حاڵی نەدەبوو، تا خوا رەحمی کرد هەر چۆنێك بوولێم تێگەیشت و بە بێ ئەوەی بینەران هەستی پێ بکەن وردە وردە بە دەم حیوارەوە سمێڵەکەی تەندکردەوە.

–سوپاست دەکەین کە دەرفەتی ئەم دیدارەت بۆ رەخساندین.

+سوپاس بۆ ئێوەش .